بنەماکانی فەلسەفەی

شیکردنەوەی مەنتیقی

د . حەمید عەزیز

43550

Mukiryani
کوردستان ٢٠٠٥

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی

- د. حەمید عەزیز
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٣١٧)
- چاپی یەکەم: ٢٠٠٥
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٢٩- (١٣٢)

ناونیشان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com

ژمارەی تەلەفۆن: 2260311

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆك

پێشەکی 5

سەرەتا 6

١- رێبازی ئەزموونی مەنتیقی. 9

٢- لە میتافیزیکەوە بۆ زانینی زانستییانە. 39

٣- فەلسەفە یاخود زانست. 75

٤- جیهانبینی لە بۆچوونی مەنتیقی نوێیەوە 109

تێکستی هەڵبژاردە 133

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بە تێکڕایی ئەو چوار نووسینەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیان لێ پێك هاتووە بەشێکن لە ڕێبازێکی بەربلاوی ئێستای فەلسەفە لە ئەورووپا بەگشتی و لەو ولاتانەی بە ئەڵمانی دەدوێن بەتایبەتی. ئەگەر چی پتر مۆرك و ڕوخساری ئەکادیمییان پێوە دیارە بەڵام بەهیچ جۆرێك ئەو ڕاستییە نابەزێنن کە خەت و خاڵی ڕێبازی فەلسەفەی هاوچەرخی ئەورووپایان پێوە دیارە. لەم سەردەمەماندا کە بە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆجی ناودەبرێت و تا ڕادەیەکی زۆر ناپدۆلوجی، لە هەندێ بابەت و کایەیدا، لەبەردەم شۆڕشە سەرتاپا و جیهانگیرییەکەی زانستدا پاشەکشەی کردوە، ئەگەر بایەخ بەژیر و مەنتیق بەمانای (ڕاتسیۆ) نەدرێ ئەبێ پەنا ببردرێتە بەر چ نامرازێکی تری تۆێژینەوەی زانستییانە، ئەو تۆێژینەوەیەی بەردی بناغەی تەلارێك دادەنێ کە وەك دەریا بێ سەروبن و بێ دەروازیە.

لەم نووسینانەدا هەوڵمان داوە ئەوەندی توانیبێتم بابەتەکە بە زمانێکی سادەو ڕەوانی کوردی بنووسم بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی نووسین و کتێبخانەی کوردیدا، لەم سەردەمەدا، لایەك لەو بابەتە بکرێتەوە کە ئەمڕۆکە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیاکانی ئەورووپای ناچار کردوە سەر گەرمی تۆێژینەوەیان بن. بەتایبەتی داهێنانی پێودانگێکی زانستی بۆ نرخ پێ دان و هەڵسەنگاندنی فەلسەفە بەگشتی و میتافیزیك بەتایبەتی.

بۆ پتر سەرنج ڕاکێشان بۆ لای ئەم بابەتە، وەك لەم سەردەمەماندا لە ئەورووپا شان بەشانی ڕێبازە هاوچەرخەکانی تری فەلسەفە، بەرهەمێکی فەیلەسوفێکی بەناوبانگی ئەڵمانیم کردوە بە کوردی و وەك بەرهەمێکی هەڵبژاردە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا چاپ دەکرێت.

قەلادزێ

کوردستانی باشور

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

سەرەتا:

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەگشتی و دوای بارخستنی جەنگی یەکەمی جیهان بەتایبەتی لە کۆڕو کۆمەڵە زانستییەکاندا بەتوندی لۆمە و سەرزەنشتی فەلسەفە کراوە، گوایە بە تەمەن زۆر لە زانست کۆنترە کەچی تانیستا پەرەسەندنێکی سەرتاپاگیریی نەوتۆی نەکردووە نەگەر لەگەڵ زانستەکاندا بەراورد بکرێت.

مرۆڤ چەندین سیستەم و رێبازی فەلسەفە بەدی دەکات کە بە دوای یەکدا یاخود شان بەشانی یەکتری دامەزراون. کەچی لەنێو خۆیاندا هەر خەریکی ڕەخنەکردنی یەکتری بوون، بگرە وێستویانە بیرو بۆچوون و تێزە و گریمانە و تیوری یەکتری پووچەڵ بکەنەوە. لە میژووی فەلسەفەدا بەدەگمەن دوو فەیلەسوف دەبینرێن کە لە فەلسەفەکەیاندا لەگەڵ یەکتری تەبا بووبن، یاخود یەکترییان ڕەخنە نەکردبێ!

لە بەرامبەر نەم دیمەنە نالەبارەدا زانستەکان تیشك،ناسا پەرەیان سەندوە. گەشەیان کردوەو نەنجام و گۆڕانی وایان لێ کەوتۆتەوە سەرتاپای ژیان و کۆمەڵ و شارستانییان گرتۆتەوە.

نایا نەمە دیاردەیە یان نا؟

نەگەر دیاردەیە بۆ نەوەندە درێژەی کێشاوە. دیارە شتێکی کاتی و ساتییە و نەگەر هۆی کەوتنەوەو پەیدابوونەکەی نەما خۆیشی نامێنێ. نەو تەمەن درێژییەی فەلسەفە، نەو بابەتە جۆر بەجۆرانەی هێناونیەتە گۆڕەپانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە، نەو پەیوەندییە زۆر و زەبەندە فرە لایەنانەی لەگەڵ بابەتەکانی تری چالاکی بیرومێشکی مرۆڤدا هەیبوون هەموو جۆرە مۆرکێکی دیاردەیی لەم ڕەوشە ڕەت دەکەنەوە.

کەوابوو نەمە لە سروشتی فەلسەفە و نامرازو پوختەی بابەت و ناوەرۆکەکەیەوە کەوتۆتەوە! نەگەر وەلامەکە بە (نا) بێ دەکرێ بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی نەم ڕەوشە بکرێتەوە یان؟ باشە بۆ تانیستا هەوڵێکی نەوتۆ لەم بارەیەوە لە مەیداندا بەدی ناکرێ؟

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

لەنێو نەو هەڵوێست و وەڵامانەی بەرامبەر بەم کێشەیە دێنە بەرچاو دووجۆرە هەڵوێست و لایەنی لە یەکتری جیاواز دەبینرێن:

- هەندێك لەو باوەڕەدان و منیش پشتیگیرییان دەکەم نەم ڕەوشە دیاردە نییە بەڵکو سروشتی فەلسەفە خۆی وایە و نەمەی لێ دەکەوێتەوە. نەم بیر جودایییە، نەم ڕێك نەکەوتن و ناتەبایی و جیاوازی بۆچوونە نالەبارین و نەنگی نییە، بەڵکو شتێکی ناسایییە، نیشانەی گەرم و گوڕیی و بەپێزیی و زیندویی فەلسەفەیە. فەلسەفە لە ژیانەوە پەیدابووە هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندیی و بەرەکەت و پیتی ژیان خۆی دەردەبڕێ.

- لایەنەکەی تر پشت نەستوور بەشیکردنەوەی مەنتیقی و پەرەسەندنی نامرازەکانی مەنتیقی بیرکاریی (ماتماتیك) جیاوازیی نێوان بابەتەکانی زانست و بابەتی فەلسەفە لەبەرچاو دەگرێ. وای دادەنێ بابەت و کەرەسە و تێزەکانی ماتماتیك و زانستییە نەزموونییەکان پێودانگی تایبەتییان (تاقیکردنەوە، سەرنج دان، شیکردنەوە... هتد) بۆ داهێنراوە بەهۆیەوە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن، ڕاستی و ناڕاستییان پشت ڕاست و ساغ بکرێتەوە. ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان بەلایەکدا بخرێن. بابەتەکانی فەلسەفە بەگشتی نەمەیان لەگەڵدا ناکرێ و نەم جۆرە شەن و کەوکردنە هەڵناگرن بۆیە وەك زانست توانای پەرەسەندنیان نییە. بۆ نەوەی نەم لایەنە تەمومژاوییە پتر و چاکتر ڕوون بکەینەوە وامان بەباشزانی سەرنجێك، لەپێشدا، لەو بارودۆخە بدەین کە بیرو بۆ چوون و فەلسەفەی کارناپ لە باوەشیاندا گۆش بوون.

* قەلادزێ *

کوردستان ٢٠٠٤ ز

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library